www.kurdistannet.org
23-1-2007 17:39 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# پوازی قین ... د. ناصح قەرەداخی

قین پێچەوانەی خۆشەویستییە و بریتیە لە رقێکی بێ ئەندازە بەرامبەر بە کەسێک یا شتێک کە وا لە خاوەن قین دەکات حەز بە خۆلێ لادان و تێشکاندنی قین لێبوو بکات.



قین سۆزێکی ئێجگار بەهێزە و پاڵنەرێکی کاریگەرە بۆ ئاراستەکردنی رەفتاری خاوەنی. قین مەودای مەنتیق و بیرکرنەوەی خاوەنی تەسک دەکاتەوە و هەموو تواناکانی خاوەنی چڕدەاتەوە بەئاراستەی تۆڵەو تێشکاندنی بەرامبەر. لۆرد بایرۆنی شاعیر دەڵێ "قین ئێستا درێژخایەنترین خۆشییە، مرۆڤەکان بەپەلە خۆشەویستی دەکەن بەڵام بەئیسراحەت قین هەڵدەگرن. " قین بێگومان لەهەموو کەسێکدا جارجار سەرهەڵدەدات هەندێ جاریش ئەگاتە ئەو ئاستە ترسناکەی کاری وێرانکەرانەی لێ بکەوێتەوە. بەڵام لەوە ترسناکتر قینی بەکۆمەڵە کە کە بەئەنقەست لەناو کۆمەڵێکی ناکامی چەشتوودا بە شێوەیەکی عاتیفییانە دەچێنرێت بەرامبەر بە قوربانییەک کە دەکرێ بە رەمز و هۆکاری ناکامی و شکستەکانی خاوەنقینەکان. ئەم جۆرە قینە لە مێژوودا زۆرجار مرۆڤی کردووە بە درندەترین ئاژەڵ کە زوڵمی وای بەرامبەر هاورەگەزەکانی نواندووە زمان لە ئاستیدا لاڵ دەبێت. کوشتارە قیناوییەکانی لەم جۆرەی مێژوو زۆرن و هەندێک لەوانەی ئەم سەد ساڵەی دوایی بریتین لە کوشتارەکانی عێراقی دوای سەدام و دوو بورجەکە و و موسڵمانەکانی بۆسنەو رواندا و ئەنفالی کورد و کوشتاری جوولەکە و کوشتاری چینییەکان بەدەستی لەشکری یابان و کوشتاری کورد و ئەرمەن بەدەستی تورکەکان.

بێرتراند راسل دەربارەی قین و قینداران دەڵێ "قین هەڵگرتن لە دوژمن ئاسانتر و بەتینترە لە خۆشویستنی دۆستان بەڵام هیچ چاکەیەکی ئەوتۆ لەو کەسانە چاوەروان ناکرێ کە زیاتر تامەزرۆی بریندارکردنی نەیارەکانیانن تا سوودگەیاندن بە جیهان. " مەترسیی قین کاتێ خۆی دەنوێنێ کە بە شێوەیەکی سیستەماتیک لەناو تاکەکانی میللەتدا دەچێندرێت لەلایەن ئایدیۆلۆژی و لایەنێکی دیاریکراوەوە بەمەبەستی دابەشکردنی میللەت و شێلگیرکردنی لایەنداری و هاندانی تۆڵەسەندنەوە و لەناوبردنی لایەنی بەرامبەر. رۆزڤێلت لەم رووەوە وتوویەتی" ئەبێ ئەوەمان لەبیر بێ کە هەموو جۆرێکی سەرکوت کردن و ناعەدالەتی و قین، پوازن دادەکوترێن بەناو شارستانێتیەکەماندا. "

قین بەراستی پوازێکی ئەستوورە دادەکوترێ بە جەستەی میللەتدا و دابەشی دەکات بۆ "ئێمە" و "دوژمنی ئێمە"، بۆ "هەق" و "ناهەق" بۆ "نیشتمانپەروەر" و"خائین" بۆ "رەش" و سپی". ئەوانەی قین دەچێنن مەبەستیانە ئەوەندە نەیارەکانیان لەبەرچاوی یارەکانیان رەش بکەن و قینێکی ئەستوور لەناو دڵیاندا بچێنن کە هاوبەست بێ بە سۆزێکی بەتینەوە تا بتوانێ ئەقڵی هۆشیار کوێر بکات و مرۆڤ بخاتە ژێر رکێفی کاردانەوەی عاتیفیەوە بەرامبەر نەیارەکان. وەک لە مێژووشدا بینراوە نموونەی ترسناک لەم رەفتارە قیناوییانە کەوتۆتەوە کە لە کوشتاری بێبەزەییانەی مرۆڤدا بەدەم پێکەنین و شایی و تەقەی سەرکەوتنەوە خۆی نواندووە.

لەناوەراستی حەفتاکانەوە پاش هەرەسی شۆرشی کورد، یەکێتیی کوردیش هەرەسی هێناوە. بە دامەزرانی هەڵگرێکی تری ئاڵای کوردایەتی و گەشەکردنی، بارودۆخێکی وا هاتە کایەوە کە چیتر کورد "کورد" نەبوو، بەڵکو کورد "ئێمە" و "ئەوان" بوو. "ئەوان"یش کورد نەبوون بەڵکوو دوژمنی کورد بوون بگرە لە دوژمنی کوردیش "پیستر" بوون. چەند کەفوکوڵی دڵی پێشمەرگە دژی حکومەتی بەغدا تاو

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

دەدرا، ئەوەندەو بگرە زیاتریش دژی "ئەوان" کە لەراستیدا بەشەکەی تری کورد بوون، فوو دەدرا. ئەم پرۆسەی دابەشکردنەی کورد و فوودانی مووشەدەمەی قین بەدرێژایی سی ساڵی رابوردوو بەشێوەیەکی رێکخراو ئیشی بۆ کراوە و قینێکی ئەوەندە ئەستووری بەرهەم هێناوە و پوازێکی ئەوەندە گەورەی چەقاندووەتە جەستەی کوردەوە کە کارێکی مەردانە و شێلگیر و درێژخایەنی دەوێ بۆ سارێژکردنی. لە کۆتایی حەفتاکان و سەرەتای هەشتاکان و ناوەراستی نەوەدەکاندا سەدان کوردی بەقین گۆشکراو بەربوونەتە گیانی یەک و زەبرێکی کوشندەیان لە میلەتەکەیان داوە و خزمەتێکی بێ بەرامبەریان بە دوژمنانی کورد کردووە. جێگەی داخە ئەم پرۆسەی قین چاندنە زۆر جار هەموو تواناکانی میللەتی بۆ خراوەتە گەڕ: ساسییەکان بریاریان بۆداوە، بێژەرەکان بە حەماسێکی شێتانەو و بە تیکرارێکی بێتامەوە بە گوێی خەڵکیاندا هەڵداوە، زورنا ژەنەکان مارشی کوشتاریان بۆ ژەنیوە، قەڵەم بەدەستەکان بە مەرەکەبی خوێن هۆنیویانەتەوە و خەڵکی بێچارە گوێیان بۆ شل کردووە و پێشمەرگەی داماویش وەک قوربانی و پیاوکوژ سەنگەراو سەنگەر هەڵداوانی بووە.

ئاسەوارەکانی ئەم ماوە دووروردرێژە لە دوژمنایەتی و قینداری هێشتا لە دڵماندا کەمینی کردووە و زۆری دەوێ پاک بکرێتەوە. میللەتێک نیوەی قینی لە نیوەکەی تری بێ چۆن ئەتوانێ لە جێی خۆی بجووڵێ. میللەتێک دڵی پڕ بێت لە سوێ و برینی سارێژنەبووی کۆنە قین، چۆن ئەتوانێ بە یەک زمان بدوێ و بە یەک ئاراستە بڕوات؟ ئەوانەی خەریکی چاندنی تۆوی قین بوون، توانیویانە میللەت دابەش بکەن بۆ رەش و سپی و رەش. ئەم رەش و سپێتییە لە ناو هەموو توێژەکانی جەماوەردا رەنگی داوەتەوە و رەگی داکوتاوە. هەموو رەفزکردنێکی یەکسەری رەنگدانەوەی قینە. ئەو هەموو جنێونامەیەی لە ئەدەبیاتی رۆژنانەوانیدا بڵاودەبێتەوە کۆنەقینی لەپشتەوەیە. پێشینیانی دنیادیدەی کورد وتوویانە شەڕ بە کۆنە قین دەکرێ و بەراستیش ئەگەر حیزبە بەرپرسیارەکان کاری جیددی نەکەن و رۆشنبیران وریا نەبن و تاکەکان سەربەخۆیی خۆیان نەپارێزن، ئەوا کەڵەکەبوون و تەقینەوەی بورکانی قین رەنگە مەترسیی گەورەی بەدواوە بێ.

ئەگەر بمانەوێ میللەت دروست بکەین و ئاشتەوایی بڵاوبکەینەوە، ئەوا پێویستە هەوڵی شێلگیر و دڵسۆزانە بدەین بۆ دەرهێنانی پوازی بەژانی قین لە جەستەی کورد. ئەو سەرکردانەی کورد کەخۆیان بە دووربین و دڵسۆز دەزانن دەبێ ئەوەیان لەلا روون بێ کە تەنیا بە قەبووڵکردنی هەموو رەنگەکان، دەتوانن میللەت لە دەوری خۆیان کۆ بکەنەوە. دابەشکردنی میللەت بۆ رەش و سپی و بوغزاندنی رەش، مامەڵەیەکی دۆڕاوە و چەند دۆست دروست دەکات ئەوەندەو زیاتریش سەرەنجام دوژمن یا دوژمنی داهاتووی لێ پەیدا دەبێ.

هیوادارم ئەو کەسانەی کە رەنگە بەهەر شێوەیەک، راستەوخۆ یا ناراستەوخۆ، وەک ئامێر یا وەک شۆفێر، بەئاگا یا بێ ئاگا، لەبەر بەرژەوەندیی دنیایی یا ئایدیۆلۆژی، خەریکن یا ئەیانەوێ لە وەشاندنی تۆوی قیندا بەشداری بکەن، هەڵوێستەیەک بکەن و بروانە بزەی سەر لێوی منداڵێکی مەشغوولی یاری، گوێ هەڵخەن بۆ قاسپەی کەوێکی بناری کێو، بۆنی چڵێ رێحانەی دەستی خۆشەویستێکیان بکەن و چێژێک لە خواردنی سەرسفرەی خێزانێکی جەم وەربگرن! تا بیریان بێتەوە کە ئەمانە هەموو دیاردەی زادەی خۆشەویستین و قین تەفروتونایان دەکات! رەنگە قین وەشاناندن هەندێ دەسکەوتی کاتیی تێدا بێ بەڵام بۆ مرۆڤی مەرد ئینجیل واتەنی، "شێوێک لە گژو گیا کە خۆشەویستی لەگەڵدا بێ باشترە لە گایەکی برژاو کە ئاوێتەی قین بێ. "

2007-1-22

***

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.